# سەلام ناوخۆش: بەداخەوە ئەوان بە جۆرێک قسەیان لەگەڵ ئێمە دەکرد، دڵم نەهات لەو خەوە شیرینە بەئاگایان بێنم

**لە سەرەتای ئەم مانگە یەکەم کۆنفراسی نێونەتەوەیی بۆ ئەدەبی کوردی لە زانکۆی سنە بەڕێوە چوو، پرۆفیسۆری یاریدەدەر سەلام ناوخۆش بە فەرمی بانگهێشتی ئەم کۆنفراسە کرا و بە توێژینەوەیەک بەشداربوو، لە دیمانەیەکی رۆژنامەی ستاندەر تیشکی خستە سەر ئامانجەکانی ئەم کۆنفراسەو رۆڵی میدیا کوردیەکان و خەم ساردی حکومەتی هەرێم بۆ سازنەدانی ئەم جۆرە کۆنفراسانە لە هەرێمی کوردستان.**

*دیمانە:سۆران هەستیار*






**ستاندەر:لە چەند رۆژی رابردوو بانگهێشت کرای لە زانکۆی سنە ئەم بانگهێشتە بۆ چی بوو؟**

سەلام ناوخۆش: لەرۆژانی ٥ و ٦ ی ئایار زانستگای کوردستان لەشاری سنە کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی بۆ ئەدەبی کوردی بەست. خۆم، بە توێژینەوەیەک بەشداریم لەو کۆنفرانسە کرد. توێژینەوەکەی من لەبارەی زمانی (ئایینی نەتەوەیی) بوو، لەو توێژینەوەیە هەوڵێکی زۆرم داوە، کە ئەوە بسەلمێنم کە ئایینی نەتەوەیی چ ئاسمانی بێ یان زادەی کەلتوری نەتەوە بێ، بەشێک لە ناسنامەی نەتەوە دەنوێنێ!هەروەها زۆر قسەم لەسەر هەرسێ ئایینی نەتەوەیی: زەردەشتیەت، کاکەیی، ئێزیدی کردووە!ئێمە حەڤدە توێژەر بە توێژینەوە لەو کۆنفرانسە بەشدار بووین، بۆیە مەبەست لە بانگهێشت کردنم، بەشداری کردن بوو لەو کۆنفرانسە.

**ستاندەر:بیرۆکەی ئەم کۆنفراسە وێژەیی و نەتەوەییە لە چییەوە سەرچاوەی گرتبوو؟**

سەلام ناوخۆش: لەساڵی ١٩٩٢-ەوە دەسەڵاتێکی کوردی حوکمڕانی کوردستانی باشور دەکات. هەر لە بەرایی دامەزراندنی یەکەم حکومەتی کوردیەوە، وەزارەتی رۆشنبیری هەبووە! هەروەها لەساڵی ١٩٦٩-ەوە زانکۆیەک لەم هەرێمە هەیەو لەدوای ساڵی ١٩٩٢-ەوە دوو زانکۆی تر لە دهۆک و سلێمانی دامەزراون، ئێستاش جگە لە چەند زانکۆیەکی حکومی لە (کۆیە) و (سۆران) ئەوە چەند زانکۆیەکی (ئەهلی)یش لە کوردستانی باشور هەن، بەڵام ئەفسوس سەد جار ئەفسوس لەو هەموو ماوەیە دەسەڵاتی کوردی بیری لەوە نەکردۆتەوە کۆنفرانسێکی نەتەوەیی (نەک نێونەتەوەیی) لەسەر ئاستی هەرێمیش بۆ ئەدەبی کوردی ببەستێ!!

وەک هەستکردن بە بەرپرسیاری مێژوویی بەرانبەر ئەدەبی کوردی و هەوڵدان بۆ توێژینەوەی لێی بەنیازی تێپەڕبوون بەرەو قۆناغێکی دیکە کە زانستیانەتر و ئەمرۆیانەتر بێ، مەڵبەندی (کوردستتاناسی) لە زانستگای کوردستان، بیریان لە کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی کردەوە. هەریەک لە د.نەجمەدین جەباری- پسپۆڕ لە ئەدەبی فارسی!) چەندەها داوەتنامە بەنیازی ئامادەکردنی توێژینەوە بە (دەست) و (ئەنتەرنێت) بڵاوکردەوە! ئەو دوو زاتە هیچیان پسپۆڕییان لە زمان و ئەدەبی کوردی نییە، بەڵام خەمخۆرییان بۆ زمان و ناسنامەی نەتەوەیی ئەو ئەوەیە ئەو کۆنفرانسە نێونەتەوەییان سازکرد! حیزبی کوردی ئەوە چەندین ساڵە نەیتوانیوە توێژەرەوە کوردەکانی پارچەکانی کوردستان لەناو (دەوڵەتی) کوردی کۆبکاتەوە، کەچی توێژەرەکانی مەڵبەندی کوردستاناسی بە سەرپەرشتی د.جەباری و د.نەژاد توانیان ئەو شەرەفە مێژووییە بۆ خۆیان تۆمار بکەن.

**ستاندەر:کوردانی دەرەوەی هەرێم چۆن لە ئێوەیان دەڕوانی و بە گشتی بوچوونیان چۆن بوو بۆ باشوری کوردستان لە هەموو روەکانەوە؟**

سەلام ناوخۆش: لەوێ نەک هەر کوردەکانی رۆژهەڵاتمان بینی، بەڵکو کوردی باکور و تەهران و شوێنی ترمان بینی. توێژەر و خەڵکی ئاسایی ئەوێ بە چاوێکی پڕ ئومێدەوە لە ئەزموونی باشور دەڕوانن! باوەڕتان بە (دە) یان قوتابی و خاوەن ماستەرنامە دەیانەوێ بێنە بانور پەرە بە خوێندنیان بدەن. ئەوانە وا قسەیان لەگەڵ ئێمە دەکرد، وەک بڵێی توێژەر و ئوستادی وەک ئێمە لە کوردستان ئەوەندە خاوەن دەسەڵات بن، کە دەتوانین بە یەک (تەلەفۆن!) ڤیزە و (ئۆڤەر) ی خوێندنیان یان دامەزراندنیان فەراهەم بێنین! لەسەرێکەوە دەمویست لەو (خەوە شیرینە) بەئاگایان بێنم، بۆ ئەوەی کە دێنە کوردستان تووشی شۆک نەبن، بەڵام رەوشی ناو کۆنفرانسەکە هێندە پڕ حەماسەتی نەتەوەیی بوو، دڵم نەهات بێئومێدیان بکەم، هەر من و هەندی لە برایانی دی پێمان دەوتن فەرموو ئەوە ئیمێل و تەلەفۆنی ئێمە، هەرچیەکتان ویست لە هەر وەزارەتێکی هەرێم ئێمە بەچاو بەدواداچونتان بۆ دەکەین!! ئەوانە، ئەگەر دەزانن خەریک بوو حکومەتی هەرێم نەهێڵێت من بەشدار بم لەو کۆنفرانسە، بەبیانوی ئەوەی من پسپۆڕیم لە زمانی ئینگلیزیە، چۆن دەبێ بە بابەتێکی زمانیی-ئەدەبیی، کە یەکەمجاریشە توێژەرێک خۆی لە قەرەی بدات، بەشداری لە کۆنفرانسێک بکەم لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی!!

**ستاندەر:کۆنفراسەکە تا چەند ئامانجەکانی خۆی پێکا و ئاکامەکانی چۆن بوو؟**

سەلام ناوخۆش: کۆنفرانسەکە هەندێ ئامانجی دیار و هەندێکی پەنهانی هەبوو، لە نەزەر منەوە کۆنفرانسەکە زۆربەی ئاکامە ئاشکراو نهێنییەکانی پێکا. ئامانجە دیارەکانی بریتی بوون لە سازدانی کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی لەسەر ئەدەبی کوردی بە زۆربەی هەرە زۆری زار و بنزارەکانی کوردی! بە واتای لە رواڵەت، کۆنفرانسەکە هیچ پەیوەندی بە (سیاسەتەوە) نەبوو، توێژینەوەکانیش بە زمانی سیاسی نەنووسرابوون! قسەکردن لەسەر توێژینەوەکانیش دوور لە سیاسەت بوو! بەڵام ئامانجە نهێنییەکانی بریتی بوون لە کۆکردنەوەی کوردەکانی پارچەکانی کوردستان! بەراستی ئەو گردبونەوەیە گردبونەوەیەکی نەتەوەیی-سیاسی بوو، نەک حیزبی!! ئەو گردبونەوەیە دوور بوو لە هەژموونی حیزبی کوردی، بۆیە سەرکەوتوو بوو! هەروەها بە (ڕا)ی من ئاکامەکانی خۆی تەواو پێکا، چونکە هەم توێژینەوەکان بەشێوەی ئەکادیمی پێشکەش کران و گەنگەشەو گفتوگۆی دوور لە (هەراوهۆریا) لەمەڕ بابەتەکان کران! وێڕای ئەمەش بەشێکی زۆر لە توێژینەوەکان هەنگاوێکی تر بوو بۆ خوێندنەوەی تر بۆ زمان و ئەدەبی کوردی!

**ستاندەر:بە حوکمی ئەوەی لێرە حکومەتی خۆماڵی هەیەو دنیایەک ئیمکانیەتی لەبەر دەستە، چاکتر نەبوو ئەم شەرەفە بەر هەرێم بکەوێ و کوردانی تر لێرە میوانداری کرابوونایە؟**

سەلام ناوخۆش: سازدانی کۆنفرانسەکە لە زانستگای کوردستان- سنە چەندەها مەدلولی پۆزەتیڤی هەیە. ئەو لە دەرگادانەی ئەوێ، زەنگێکە بۆ ئەوەی بەجۆرێکی تر مامەڵە لەگەڵ هەندێ مەسەلەی نەتەوەیی بکرێ. لەوێ ئەحمەدی قازی داوای کرد مەسەلەی زمانی ستاندەر بکرێتە مەسەلەیەکی نەتەوەیی و کاری لەسەر بکرێ، هەروەها کەسایەتیەکی وەک ماجدی مەردۆخی مەسەلەی بەرەسمی کارپێکردنی زمانی کوردی وروژاند. ئەو وتی لە دەستوری ئێرانیدا دان بە زمانی کوردی نراوەو کاتی ئەوە هاتووە ئەو بەندە دەستوریە لە ئەرزی واقیع کاری پێ بکرێ! ئەو قسانە لە باشور کوتانی ئاسنی ساردە! مەڵبەندی کوردستاناسی بە کۆمەکی چەند کەسێکی کوردویست ئەو کۆنفرانسەیان سازداوە. حکومەتی هەرێم نەک هەر شاندی فەرمیی لەوێ نەبوو، بەڵکو هەتا (بەیاننامە) و (دەستخۆشی)یەکیشیان بەو توێژەرانە نەناردبوو، کە لەرووی سیاسیەوە لەوانەوە نزیکن!!

شاندی کوردی ئەنسیتۆی کورد لە ئەستەمبوڵ و زانکۆی ماردین توانیان بە دیاردەیەکی سادە، بەڵام گەلێک گرنگ و پڕ مەدلول، زۆربەمان لەلایەک بەگریان بێنن، لەلایەکی تر بەچاوی فرمێسکەوە چەپڵەڕێزان بۆ کارەکەیان بکەین، کەچی شاندی باشور (هەرسێ زانکۆی سەلاحەدین و دهۆک و سلێمانی) نەک هەر هیچ دیارییەکیان پێشکەش بە (کوردستاناسی) نەکرد، بەڵکو بەیاننامەیەکی پاڵپشتیشیان بۆ کۆنفرانسەکە نەخوێندەوە! حکومەتی خۆماڵیی کوردی زیاتر لە هەژدە ساڵە بیری لە پرۆژەیەکی نەتەوەیی ئەوها نەکردۆتەوە، جا چۆن کار بۆ پرۆسەیەکی ئەوها بکاتەوە!! وێڕای ئەمشە هەتا ئەکادیمیای کوردی-هەولێر، کوردۆلۆجی- سلێمانی، کۆڕی زانیاری- بەغدا، بە بەیاننامەش پاڵپشتییان لەو کۆنفرانسە نەکرد!

**ستاندەر:رۆڵی میدیاکانی هەرێم چۆن بوو لەم کۆنفراسە؟**

سەلام ناوخۆش: میدیاکانی هەرێم، ئازاد و حیزبی وەک بڵێی ئەو کۆنفرانسە هیچ پەیوەندی بە کوردەوە نییە، بۆیە نە لەوێ ئامادەگیان هەبوو نە لە کوردستانیش گرنگییەکی ئەوتۆیان بەو کۆنفرانسە دا. ئەو بێ دەنگییەی راگەیاندنی هەرێم ناکرێ لە "بێ ئاگایی"یەوە سەرچاوەی گرتبێ، چونکە لە سەردەمی ئێستادا کۆنفرانسێکی ئەوها لە شارێک کراوە، تەنها چەند سەعاتێک لە هەرێمی باشورەوە دوورە! گومانم لەوەدانییە ئەگەر لەبریتی کۆنفرانسێکی ئەوها، کۆنسێرتێک بووایە، راگەیاندنی هەرێم هەرچ نەبێ ئاماژەیەکی پێ دەکرد!! لێرە ئەوە دێنێ دەستخۆشی لە کاک شۆڕش غەفوری بکەم، کە راپۆرتێکی لەوبارەیەوە ئامادەکردوە.

**ستاندەر:رۆژهەڵاتی کوردستان و زانکۆی سنەتان چۆت دیت؟**

سەلام ناوخۆش: وشەی (کوردستان)لە رۆژهەڵات واتایەکی سنورداری هەیە، کوردستان ناوی تەنها پارێزگایەکە، کە شاری سنە مەڵبەندەکەیەتی. زانستگای کوردستانیش تەنها زانستگای سنە دەگەیەنێ نەک زانکۆیەک پەیوەست بێ بە نەتەوەوە، بەجۆرێک لەو زانکۆیە هەتا بەشی کوردی نییە!! لەبەر "دەوام"ی زانکۆی خۆمان، تەنها پارێزگای کوردستان و کەرمەشانمان بینی! دیمەنی ئەو دوو شارە چەند بڵێی سەرنج راکێشن، بنەماڵەی مەردۆخی بەتایبەتی فەرهەنگنوسی کورد ماجید مەردۆخ رۆحانی و براکەی ساعیدی رۆحانی بە میوانداری و رابەریان ئەو دوو شارەیان لەلا شیرینتر کردین، بەجۆرێ هەر بەهۆی ئەوانەوە (کێوی بێستون) و (تاقی جەمشید)مان بینی! زانکۆی کوردستان-سنە، لەسەر شێوە زانکۆ دروستکراوە، کۆلیژەکان لەناو یەک کامپ دان، نەک وەک زانکۆی سەلاحەدین و سلێمانی، هەر کۆلیژەو لە رەخێکە! ناتوانم لە ئاستی زانستی زانکۆکە بدوێم، چونکە ماوەیەکی کەم لەوێ ماینەوە، بەڵام قوتابیەکانی ئەو زانکۆیە-هەتا ئەوانەی لە بەشی زانشتەکانیش بوون- ئەو دوو رۆژەی کۆنفرانس، هەردوو تەلاری (مەولەوی) و (فیردەوس) یان پڕکردبوو! ئەفسوس ئەم دیاردەیە لە باشور زۆر لاواز بووە!

**ستاندەر: دواوتەت؟**

سەلام ناوخۆش: هەر کۆنفرانسێک لە دەرەوەی هەژموونی حیزب بێ ئاکامی دەبێ، چونکە لەوێ هیچ ململانێیەک لەئارادانابێ! لە باشور هەموو شت بە (حیزبی) کراوە، ئەو ڤایرۆسە هەتا یەکێتی یان سەندیکای مامۆستایانی زانکۆشی گرتەوە! بەبێ وەرگرتنی هیچ ئەزموونێک، لە تەمەنی نۆزدەساڵی، بەحیزبیکردنی زانکۆ، هەروەها بەبێ ئەوەی رێزگرتنی لە پۆستی ئەکادیمی و زانستی، جارێکی تر یەکێتییەکی تر وەک هەر (یەکێتی) و (سەندیکا) و (کۆمەڵ)ی تر لەسەر بونیادی حیزب دامەزراوە!! بەراستی ئەو کۆنفرانسە لە هەرێم بوایە، بەسەر حیزبێک ساغ دەکرایەوە، لە (هەولێر و دهۆک) بوایە بۆیەیەکی (زەرد)یان بۆ دەکرد، لە سلێمانی کەرکوک بوایە بە (کەسک)یان سواغ دەکرد!! ئێستا لە تورکیا بزاڤێک هەیە دەیەوێ لەرێگا دەستور و مەدەنیەتەوە دەرگا لەسەر مافەکانی کورد بکەنەوە، ئەوە سنەش ئەگەری ئەوە هەیە حکومەت دەرگا لەسەر زمانی کوردی بکاتەوە، هەروەک چۆن دەرگای لەسەر بەشداری کورد لە پەرلەمانی ئێرانی کردەوە!!